عراقچی: بەردەوامین لە ئاوگۆی پەیام لەگەڵ واشنتن بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانکان

عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، ڕایگەیاند یەکێک لە ئەرکەکانی وەزارەتی دەرەوە هەوڵدانە بۆ هەڵگرتنی گەمارۆکان؛ سەبارەت بەم بابەتە، پەیوەستە کارەکان لە ڕێگەی دانوستانەوە جێبەجێ بکرێن.

شەممە، 6ـی ئەیلوول 2025، ئاژانسی هەواڵی تەسنیم، لە زاری عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بڵاوی کردەوە "ئەمە لەسەر دانوستان بۆ هەڵگرتنی گەمارۆکان بۆ جددی کارمان کردووە و لە حکوومەتی نوێدا پلانی پێویستمان داشت و دانوستانکان دەستیان پێ کرد،تا ئێستا پێنج خولی دانوستان بەڕێوەچوون، بەڵام پێش دەستپێکردنی خولی شەشەم، ئیسرائیل دەستی بۆ دەستدرێژیی سەربازی کرد و ئەمریکاش هاوپەیمانی بوو. بۆ دنیاییەوە، دوای ئەم جەنگ و بڕگریی قارەمانانەی گەلی ئێران، شەوازی دانوستانکان لەوانەی پێش جەنگ جیاواز دەبێت."

وەزیری دەرەوەی ئێران گوتی: مەحاڵە بە بوونی ئەو هەموو شەهیدەوە بە هەمان مەرجەکانی پێش جەنگی 12 ڕۆژە بگەڕێینەوە سەر مێزی دانوستان. بگومان شەواز و ڕەهەندی نوێی دەبێت و پێکهاتەی نوێ هاتوونەتە ئاراوە، کە پێویستە پلانی تایبەتمان بۆیان هەبێت. ئەمە ئێستا سەرقاڵی داشتنی پلانین لەم

بارەیەوە."

عراقچی، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ ئاژانسی نەوەوتیی وزەی ئەتۆم دوای جەنگی 12 ڕۆژە، تووشی ئاڵنگزی بوو. دامەزراوە ئەتۆمییەکانمان بەمباران کران، دیارە پاش ئەوە ناکرێت پەیوەندییەکانمان وەک ڕابردوو بێت. هەر ئێمە هاوکارانم لە ڤیەننا دانوستانی باشیان هەبووە بە گەیشتن بە چوارچێوەیەکی نوێ و نزیکین لەوەی لەگەڵ ئاژانس بگەینە لەکگەیشتنەکی نوێ."

وەزیری دەرەوەی ئێران هەروا گوتی: دانوستانەکان لەگەڵ 3 وڵاتی ئەورووپی بەردەوامە. چەندین جار بە تەلەفۆن لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی ئەو 3 وڵاتە قسەم کردووە و دوو شەو پێش ئێستاش لەگەڵ کالاس (بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا) گفتوگۆم هەبوو. پێم وایە تێگەیشتنەکی باشتر لەبارەی دڵخۆشکەوە لە ئارادایە. 3 وڵاتە ئەورووپاییەکە هەڵەیەکی گەورەیان کرد و میکانیزمی سزاکانیان چالاک کردەوە، ئێمەش کارەکەی قورستر کرد. گفتوگۆکان بەردەوامن و هیوادارم بگەینە تێگەیشتنەکی هاوبەش.

عراقچی لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: گفتوگۆکان لەگەڵ ئەمریکا لە ڕێگەی نوێنەرگیرەکانەوە بەردەوامە. هەر کاتێک ئەمریکییەکان ئامادە بن لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرانبەر دانوستان بکەن، ئێمەش ئامادەین. پێویستە ماف و بەرژەوەندییەکانی ئێمە ڕەچاو بکرێت. بێگومان، هیچ لایەنگیرێک نابێت ئەرکەکانی خۆی لەبیر بکات."